# پارادۆکسە ناسکەکانی بەختەوەری



شێروان ئیبراهیم

مرۆڤەکان چییان لە ژیان دەوێت و چاوەڕوانییان لە ژیان چییە؟

وەڵامی سانا و حازربەدەست ئەوەیە کە: مرۆڤەکان عەودالّی بەختەوەری(Happiness)ن. چەندەها ڕێگە و تەکنیک دەگرنەبەر لە خزمەت ئەم ئامانجە ئەبەدییەدا. بەڵام ئەم ئامانجە کێشەدارە، هەم خودی بەختەوەریی مرۆڤ پرسیاری گەورە هەڵدەگرێت؛ هەم ڕێگەی گەیشتنی مرۆڤ بەم ئامانجە تەنراوە بە تەنگوچەڵەمە و بەربەست. ڕەنگە بەدیهاتنی ئەم خواستە بۆ حەیوان ئاسانتر بێت، وەختێک بەرەڵای دەکەین بۆ نێو ژیانی کێوی و سرووشت، هەست بە تێربوون و قایلبوون دەکات. ئەی چ دەربارەی مرۆڤ؟ ئەم سرووشت و حاڵەتە فیترییە هێشتا بەشی تێربوونی ناکات، چون ئارەزووی مرۆڤ هاوتای پێویستییە کۆتادار و بڕاوەکانی حەیوان نییە، مرۆڤ عەودالّی ناکۆتایە؛ سەرچاوەکانی چێژی نێو سرووشت کۆتادارن، بۆیە مرۆڤ ناتوانێت تێربوون بەو مانا پڕە ئەزموون بکات. لێرەوە، گەر بمانەوێت هەمان حاڵەتی حەیوانەکە بۆ مرۆڤ دووبارە بکەینەوە [ڕەهای بکەین بەنێو دنیای کێوییدا]، هەرگیز سەرکەوتوو نابین؛ چون ئەوەی مرۆڤ دەجووڵێنێت ناکەوێتە نێو هیچ کات و شوێنێکەوە، هیچ فەزایەکی نێو کات/شوێن نادۆزینەوە مایەی تێربوون و گیرسانەوەی مرۆڤ بێت، هەر جووڵەیەکمان وەک مرۆڤ بەڕووی ئەم خواستەدا، هاوشێوەی جووڵانە بەسەر **شریتی مۆبیۆس(Mobius strip)**ـەوە، وەختێک هەموو جووڵەیەک یەکسانە بە سرەوت و پەککەوتن.

ئەگەر قایل بین بەوەی مرۆڤ ملکەچی پرەنسیپی چێژ (Pleasure principle )ـە، ئەوا هەر ئاکامێکی شوێنکەوتنی ئەم پرەنسیپە، بەختەوەریی تەواوەتی بەدوی خۆیدا ناهێنێت، بەبڕوای فرۆید چێژبردن ڕاگوزەرە و مایەی بەختەوەرییەکی کز و ڕاگوزەرە. هاوکات هەمیشە تێربوون هاوشانە لەگەڵ ژاندا، بگرە سەرچاوەکانی ژان فرە کاراتر و بەردەستترن هەتاوەک سەرچاوەکانی چێژ و تێربوون؛ بۆیە مرۆڤ ناچارە لەبری هەوڵی بەردەوامی بۆ چێژ، مل بۆ تەکنیکێکی دیکەش

بدات، واتە تەکنیکەکانی دوورکەوتنەوە لە ژان و ئازار؛ لێرەوە، مرۆڤ ناچارە درک بەوە بکات رێگەی بەختەوەری دوو ڕەهەندە: هەوڵدان بۆ چێژ، خۆپاراستن و خۆلادان لە ژان(گەرچی دەقیقتر وایە بڵێین هەردووک ڕەهەندەکە بەجۆرێک پێکداچوون کە کەمترن لە دوو ڕەهەند و پتر لە ڕەهەندێک و زیادەکەی دەچن). مادام هەر هەوڵێک بۆ چێژ و تێربوون مەترسی و هەڕەشەی ناوەکی و دەرەکی لەخۆدا هەڵگرتووە، مرۆڤ ناچاردەبێت بەبڕی کەمی چێژ ڕەزا بێت و مەترسی و هەڕەشەکان لەخۆی دووربخاتەوە. بەبڕوای فرۆید، ئەگەر بەختەوەرییەک هەبێ هەر بەرئەنجامی ئەم ڕاڕاکە دژییەکەیە: هەوڵدان بۆ چێژ/هەڵهاتن لە ژان.

ئەگەر سەرچاوەکانی بەختەوەری سنووردار و دوورەدەست بن، ئەوا سەرچاوەکانی ژان کاریگەرترن و هەردەم پێش دەرگەیان لێ گرتووین؛ ئەم ژانە سێ سەرچاوەی سەرەکیی هەیە:

١- لە خودی ئیگۆی جەستەمەندەوە، چونکە مەحکومە نەخۆشی و تێکشکان و مەرگ(ئیگۆی جەستەمەند مەبەستم لە دیوە جەستەییەکەی ئیگۆمانە).

٢_ لە جیهانی دەرەکییەوە، تاک بریندار دەکات، دەیکوژێت، لەناوی دەبات.

٣_ لە پەیوەندیی تاک بە ئەوانیترەوە [پەیوەندیی نێوسوبێکتی-Inter subjective ].

دەشێت بە تێربوون و چێژبردنی تەواوەتی بەختەوەرییەک بێتەدی، بەڵام هەمیشە ئاکامەکەی ژانی لێ دەکەوێتەوە بەهۆی جیهانی دەرەکیی دوژمنکار و دڕندەوە، یاخود ڕەنگە مردنی لێ بکەوێتەوە. لەمەشەوە وا تێدەگەین، مرۆڤەکان گەر ڕەها و ئازادیش بن، هێشتا مانای ئەوە نییە ژیان بەشێوەیەکی حەتمی بەختەوەرییان پێ دەبەخشێت. بەمانایەک ئێمە بۆ بەختەوەری نەهاتووین. هەر بۆیە، زۆرێک لە فەیلەسووف و بیرمەندان هەوڵی دەسکەوتنی بەختەوەرییان وەلا

خستووە و زیاتر تیشکیان خستۆتە سەر تەکنیکەکانی هەڵهاتن لە ژان: مادام بەختەوەری سەخت و دژوارە، لانی کەم خۆ لە ژان بپارێزین. وەک چەشنێک لە لەخۆگرتنەوە و زوهد.

بەم مانایە، ژیان زنجیرەیەکە لە دەستبەرداربوون و قەرەبوو، دەستبەرداربوونی مرۆڤ لە ئەنگێزە و مەیلە ناکۆمەڵایەتییەکان و قەرەبووکردنەوەی ئەم دەستبەرداربوونە لەلایەن کۆمەڵەوە.

ڕەنگە بەختەوەریی تەواو تەنها لە ڕەحمی دایک و پێش هاتنە نێو جیهان بوونی هەبێت. ڕاستتریش بڵێین، بەختەوەریی تەواو نەمانی سەرتاپای گرژییەکانە، ئەوەش واتە حاڵەتی نائۆرگانی و نازیندوو، یاخود مەرگ. ئامانجی پاڵنەری مەرگیش[1] گەڕاندنەوەی ئەم حاڵەتەیە، بۆیە فرۆید بە پاڵنەرێکی کۆنەپارێز ناویدەبات. کۆنەپارێز بەو واتایەی دەیەوێت بچێتەوە دۆخی کۆن و دێرینەی خۆی، دۆخی نەجووڵان و سرەوت. هەر وەختێ ژیان دەخزێتە نێو مادەی زیندووەوە، دەستوبرد گرژییەکان سەرهەڵدەدەن، هەموو هەوڵێک بۆ تێرکردنی ئارەزووەکان و پڕکردنەوەی پێویستییەکان تەنها هەوڵە بۆ کەمکردنەوەی ئەم گرژییانە، چێژیش هیچ نییە جگە لە کەمکردنەوەی گرژی؛ ئەم گرژییانە ژیان دەکەن بە هەڵپە و ژاوەژاوێکی نەپساوە؛ بەجۆرێک ئارامی و سروتنی تەواو بەتەنها لە مەرگدا دەبینرێتەوە.

مناڵ کەمتر درک بە سنوورداریی‌یەکان دەکات، بەمەش بەختەوەرییەکی زیاتر بەدیدەکات؛ ئەو سەرەتا هەموو جیهان بە موڵکی خۆی دەزانێت؛ ئەم نارسیزمە سەرەتاییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مناڵ ناتوانێت ئیگۆ و نائیگۆ لێک جیا بکاتەوە. مناڵ وا دەزانێت جیهان درێژکراوەی خۆیەتی، جیهان بۆ وی پانتاییەکە بۆ تێربوون، بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ قەید و بەربەستێک. تەنانەت ناتوانێت دایک لەخۆی جیابکاتەوە، وا دەزانێت مەمکی دایک [وەک ئۆبێکتی ئارەزوو] بەشێکە لە خۆی. بەڵام پاشتر درک بە جودابوونی هەندێک لە سەرچاوەکانی وروژان دەکات، واتە وردە وردە

[1] Death drive.

سنوورەکانی نێوان ئیگۆ و نائیگۆ تۆختر دەبنەوە؛ تێدەگات دەبێت بە نێوانگیریی ئەوانیتر بگاتە تێربوون و درک بە دەسەپاچەییەکەی دەکات، ئەمە چۆن؟ دەبێت باس لە سێ چەمکی بەهادار بکەین لای مرۆڤ: پێویستی(Need) ، داوا(demand) ، ئارەزوو(desire). پێویستی هەمان غەریزە بایۆلۆژییەکانە، واتە هەمان ئەو داخوازییانەی ئۆرگانیزم وا تێربوونی مادیی دەوێت. مناڵ تێدەگات دەبێت بە فۆرمی جیاوازی داواکردن گوزارشت لەم پێویستییانە بکات [بۆ نموونە، گریان و هاوارکردنی وەختی برسێتی]، داواش هەمیشە ڕووی لە ئەویترە، لێرەشەوە ئەویتر بەردەوام یاسا و چوارچێوەی ڕەمزیمان بەسەردا دەسەپێنێت، واتە سنوورەکان دێنەکایەوە. بەڵام داواکردن تەنها گوزارشت نییە لە پێویستییە فیعلییەکان، هەمیشە زیادە(Surplus)یەک هەیە لەنێو داواکردندا و بەتەنها پێویستییە فیعلییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو لەپاڵ تێرکردنی پێویستی داوای شتگەلی دیکەش دەکرێت [مناڵ وەختێ لە برسێتییدا داوای تێربوون دەکات، تەنها داوای خۆراک ناکات، بەڵکو چاوەڕێی خۆشەویستی و گوێپێدان دەکات لە ئەوانیترەوە؛ مناڵ کاتی تێربوون تەنها هەست بە پڕبوونی پێویستییەکان ناکات، بەڵکو هەست بەوە دەکات خۆشویستراوە]. دواجار، ئارەزوو بریتییە لەو زیادە و جیاوازییەی لەنێوان پێویستی و داوا دەمێنێتەوە [ئارەزوو = داوا ـــ پێویستی(لێدەرکردنی ئەمیان لەویدی)]؛ پێچەوانەی پێویستی کە شیاوی تێربوونە، ئارەزوو هەرگیز تێر نابێت، ئەبەدییە و بەردەوامە لە گوشارکردن.

باسکردن لە ڕوانگەی فرۆید و دەروونشیکاری سەبارەت بەم پرسە، بەبێ گەڕانەوە بۆ چیرۆکی باوکی بەرایی ئەستەمە، چون ئەم چیرۆکە پوختەی جەبر و ناکامییە بنەڕەتی و ئەبەدییەکانی مرۆڤە.

بەپێی ئەم چیرۆکە: باوکی بەرایی هەموو چێژێکی بۆ خۆی قۆرخکردبوو، لەنێو پرەنسیپی چێژی تەواوەتییدا دەژیا، ژنەکانی خێڵی بۆ خۆی دەبرد و کوڕەکانی بێبەش دەکرد لە هەموو چێژ و

تێربوونێک. ئەمەش وای کرد کوڕەکان ئیرەییەکی بەهێزیان بەرامبەر باوک هەبێت، لەگەڵ ڕق و کینەیەکی نەبڕاوە. هاوکات باوکیان خۆشدەوێت وەک پارێزەر و بەتوانا. ئەم سەرکوت(Suppression) و خۆسەپێنییەی باوک تا سەر نامێنێت، چوون ئەم بێبەشبوونەی کوڕەکان وا دەکات پەیوەندییەکی سۆزەکی پێکەوەیان ببەستێت دژ بە باوک؛ ئەم جووتهەستەکییە[2] [کینەڤین: کینە+ئەڤین بەرامبەر باوک] بە کوشتنی باوک کۆتاییدێت لەلایەن کوڕەکانەوە؛ کوڕەکان بۆ گەیشتن بە چێژ و دەسراگەیشتن بە ئارەزووەکانیان، ڕۆژێک باوک دەکوژن. ئەم شۆڕشەی کوڕان بەسەر باوکاندا وەک هەوڵێک بۆ سڕینەوەی بەربەستەکانی پێش تێربوون و دۆزینەوەی بەختەوەریی، چەندەها لێکەوتی دەبێت. کوڕەکان پاش نەمانی قەدەغە و ڕێگرییەکانی باوک، دەرگا بەڕووی ئەنگێزە خەفە و متبووەکانیاندا دەکەنەوە، هەریەکەیان دەخوازن جێگەی باوک بگرنەوە؛ بەڵام ئەم هەوڵە بۆ هیچ کامیان ناچێتەسەر، هەریەکەیان ئەم هەوڵە بدات، ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسی باوک دەبێتەوە، ئەوکات براکانی دیکە ڕووی شەڕانگێزی[3] دەکەنە وی. لێرەوە تێدەگەن جێگرتنەوەی باوک ئەستەمە. ئەمەش وا دەکات هەستکردنبە گوناهـ لەپای کوشتنی باوک لای بکوژ و بەشدارانی ئەم کردەیە سەرهەڵبدات؛ چونکە بەمانایەک تێدەگەن هەبوونی باوک وەک ڕێگری و بەربەستێک زەروورەتێکی حەتمییە لەپێناو سنووردانان بۆ ئەو هەڵپەهەڵپە بێسنوورەی لە دەروونپەشێوی(سایکۆسیس) و کوشتاردا بەکۆتا دێت. باوک بەتەنها بوونێکی فیعلی نییە، گوزارشتە لەو بەرپێگرتنە حەتمییەی زەروورەتە بۆ مانەوە و پێکەوەهەڵکردنمان. ئەگەر باوک بە جەستەش بکوژرێت، یاسا و قەدەغەکانی وەک زەروورەت دەگەڕێنەوە. کوڕان ئەم یاسا و نەهییانە لەخۆیاندا ناونشین دەکەنەوە و خۆویستانە گوێڕایەڵی دەبن. ڕەنگە هاوسەرگیریی دەرەکی [دۆزینەوەی هاوسەر لە دەرەوەی خێڵ و کەسانی مەحرەم]، وەک دیاردە و قۆناغێک لە مێژووی گەشەکردنی مرۆڤایەتییدا بەرئەنجامی ئەم

[2] Ambivalence.
[3] Aggression.

ڕووداوە بێت. ئەم هەنگاوە بۆ دوورکەوتنەوە لە کەس و خزمە نزیکەکان و کرانەوە بەڕووی ئەوانیتردا لای کوڕان، سەرەتا و چەکەرەی شارستانییەتە؛ **فرۆید پێی وایە، ژنان گەورەترین نەیاری شارستانییەتن چون ناخوازن پەیوەندییە نزیکایەتییەکان کاڵ ببنەوە.** چیتر باوک ڕێگر نییە لە بەدەستهێنانی ژنەکان، ئەوە هەستکردنبە گوناهە وا دەکات باوک زیندوو بکەنەوە و خۆویستانە لەخۆیانی حەرام بکەن. کوڕەکان دەستبەرداری خۆزگەی بەباوکبوون دەبن و یەکێتییەکی برایانەی نیمچە یەکسان دادەمەزرێنن؛ باوک دەبێتە تەوتەم و موقەدەس، وەک هێمایەکی ئەبەدی بۆ نواندنەوەی مەحاڵێتییە بنەڕەتییەکانی بەردەم مرۆڤ؛ تەوتەم هەر چییەک بێت [گیانەوەر، درەخت و هتد.] لە هەر کۆمەڵگەیەک بێت، شیاوی کوشتن و وێرانکردن نییە. کوڕەکان بۆ پێکەوەهەڵکردن، ناچارن بەشێک لە ئەنگێزە سێکسی و شەڕانگێزییە ناکۆمەڵایەتییەکانیان بچەپێنن. هەر ئەم زنجیرە ڕووداوە، سەرچاوە و بەرەبەیانی شارستانییەتە. بەبێ دەستبەرداربوون لە شەڕانگێزی، پەیدابوونی شارستانییەت مەحاڵە؛ شەڕانگێزی سەر بە پاڵنەری مەرگە، وەزیفەی پاڵنەری مەرگیش وێرانکردن و هەڵوەشاندنەوەیە؛ پێچەوانەی ئیرۆس(Eros) و پاڵنەری ژیان کە وەزیفەی بریتییە لە یەکخستن و بنیاتنان، بەم مانایە شارستانییەت شکڵگرتن و نواندنەوەی ئیرۆسە. فرۆید پێچەوانەی زۆرێک لە بیرمەندان، باوەڕی بە هەبوونی غەریزەیەکی دەستەجەمعیی بنەڕەتیی نییە لای مرۆڤ. پێی وایە ئەو ئەنگێزە کۆمەڵایەتییانەی وا دەکەن تاکەکان یەکبگرن لەنێو قەوارەیەکی یەکگرتوودا (کۆمەڵ، خێڵ، دەزگاکانی وەک سوپا و کەنیسە، کۆمەڵگە) لە ئەنگێزە سێکسییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، لێرەشەوە، واتە لە لیبیدۆ(Libido)وە خۆراک وەردەگرن.

شارستانییەت بەرئەنجامی چەپاندن(Repression)ی ئەنگێزە و مەیلە نا کۆمەڵایەتییەکانی تاکە لەپێناو پێکەوە هەڵکردن و ژیانی کۆمەڵایەتی؛ لەپێناو تێپەڕاندنی سرووشت و فیترەت، خۆپاراستن لە هەڕەشە و مەترسییە هاوبەشەکان. ئەم پێکەوەبوون و ژیانە شارستانییە هێندەش

مـایەی بەخـتەوەری نیـیە، چـون باجەکـانی تـا دوا ئەنـدازە سـەخت و دژوارە؛ شارسـتانییەت مرۆڤەکان ناچاردەکات دەستبەرداری زۆرێک لەو مەیل و ئەنگێزانەیان بـن، تەقەلای شارسـتانییەت بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم بێبەشکردنەی تاک بەدەگمەن بەگوێرەی پێویست دەبێت.

شارسـتانییەت بـۆ دوو ئامـانج هاتۆتەکـایەوە: ململانـێ دژی سرووشـت بـۆ فەراهەمکردنـی بەردەوامبوونی مادییانەی مرۆڤ، ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان تاکەکان لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتییـدا. مادام هەرکات مرۆڤەکان یەکبگرن دەتوانن بەرەنگاری جیهانی دەرەکی ببنەوە، کەوایە ناچاری و زەرووورەتێک هەیە بۆ بەرتەسککردنەوەی پەیوەنـدییەکان، ئەمەش بەبـێ سنووردارکردنی ئـازادیی سێکسـی مەحـاڵە. دوو چەشـن لادانـی سێکسـی دەبینرێـت کە بەردەوام ڕووبەڕووی سـەرکوت دەبنەوە: زینای مەحرەم و هاوڕەگەزخوازی. پاساو بۆ سـەرکوتی هـاوڕەگەزخوازی ئەوەیە، گـوایە لادانە و ڕێگرە لە وەچەخستنەوە و بەردەوامیی ڕەگەزی مرۆڤ؛ بەڵام خۆ ناکرێت هەمان شت بۆ زینای مەحـرەم بڵێـین. کەچـی لە هەنـدێک کەلتـووردا و مودەتێـک نەرمـی دەنوێنرێـت بەرامـبەر هاوڕەگەزخوازی، بەڵام زینای مەحرەم بێچەندوچوون قەدەغە دەکرێـت؛ ڕەنـگە هۆکـارەکەی ئەم خاڵە سادەیە بێت: لەوانەیە هاوڕەگەزخوازی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان سسـت و لاواز بکـات، بەڵام زینای مەحرەم ئەم پەیوەندییانە لە بنەوەڕا ڕیشەکێش دەکات.

پەرەسەندنی مێژووی ڕەگەزی مرۆڤ و قۆناغەکانی، لە زۆر ڕەهەندەوە هەر درێژکراوەی گەشـەی تاکە، لە مناڵییەوە بۆ پێگەیشتن. وەختێک مناڵ ئـارەزووە سێکسـییەکانی بەرامـبەر دایـک و ڕق و کینەی بەرامبەر باوک تێدەپەڕێنێت، یاخود گرێی ئۆدیب تێدەپەڕێنێت؛ هەروەها مەیل و ئەنگێـزە سێکسییەکانی دەگۆڕێت بـۆ خۆشەویسـتییەکی بـێگەرد و دامـاڵراو لە سـێکس؛ مانـای تێپەڕیـنە لە ملکەچبوونی تەواوەتی **پرەنسیپی چێژ**ەوە بەرەو ملدان بۆ **پرەنسیپی واقیع**[4]؛ ئەوە دەبێتە بنـاغە و فاکتەری بەردەوامبوونی خێزان. فرۆید هەمان ڕێڕەوی پەیدابوونی خێزان دەچەسپێنێت بەسـەر

[4] Reality principle.

پەیدابوونی سەرپاکی فۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا: کۆمەڵگە و نەتەوە و شارستانییەت؛ مرۆڤایەتی بۆ پەیدابوونی هەر یەک لەم فۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتییانە ناچارە قایل بێت بە سنووردارکردن؛ لێرەوە تێدەگەین ئەم سەرکوت و قەدەغانە هێندەش بەرهەمی زەرووەرەتی کۆمەڵایەتی نییە، چون ئەگەر وابێ مانای وایە ویست و خواستێکی عەقڵانی لەپشتی ئەم بەکۆمەڵبوونەوە وەستاوە؛ بەڵکو بنەچەکەی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردن‌بە گوناهـ و سەرچاوەیەکی تەواو سۆزەکیی هەیە.

گوایە ئامانجی شارستانییەت بەدیهێنانی بەختەوەرییە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، پاراستنی مرۆڤایەتییە لە هەڕەشە و مەترسییەکانی سرووشت. کەچی مرۆڤ لە پرتەوبۆڵە ناکەوێت و بەمەش داناساکێت. گوایە شارستانییەت زیاد لە پێویست سەرکوت دەسەپێنێت، بەجۆرێک ئەم قەدەغە و ڕێگرییانە لە توانا و بەرگەگرتنی مرۆڤ بەدەرە. کەی دەتوانین بڵێین شارستانییەت شکستیهێناوە لە بەدیهێنانی ئامانجەکەی؟ ئەگەر زیاد لە پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان تاکەکان سەرکوت‌بکات، ئەگەر نەتوانێت قەرەبووی پێویست بۆ تاکەکان فەراهەم بکات لەپای دەستبەرداربوون لە ئەنگێزە ناکۆمەڵایەتییەکانیان. مەبەستمان لە قەرەبوو ئەو سیستەمە ڕۆحی و هونەرییانەن دەبنە سەرچاوەی چێژە ناجەستەییەکانی تاک، بەبێ خۆدابڕینی تاک لە چالاکیی و تێکەڵاوبوون بە کۆمەڵ؛ قەرەبووەکان هەمەجۆرن: ئایین، هونەر، خەون، کار و هتد. هونەر و بڵندبوونەوە هزرییەکانی مرۆڤ وەک قەرەبووییەک، زۆرجار پێویستی بە بەهرە و ئامادەگیی تایبەتە، ئەمەش بۆ هەمووان بەردەست نابێت و تەنها مولکی دەستەبژێرێکە؛ بەڵام کار وەک قەرەبووییەک، بەهرەی کەمتری دەوێت و هەمووان دەتوانن لێی سودمەندبن، لێرەوە کار لەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییە بەرتەسکەی دووردەکەوێتەوە بەوەی تەنها سەرچاوەی پەیداکردنی بژێوی و بەردەوامی مانەوەی مادی بێت، بەڵکو دەبێتە زەرووەرەتێکی دەروونی و سەرچاوەی

کەمکردنەوەی گرژییەکان، بەراورد بە میکانیزمەکانی دیکە (هونەر، فەلسەفە و هتد) زیاتر تاک تێکەڵ بە ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات و هێندە پێویست بە خۆدابڕین ناکات.

با بگەڕێینەوە سەر گلەیی و سکاڵای تاک لەسەر شارستانییەت بەوەی بەختەوەریی فەراهەم نەکردووە. فرۆید بەتایبەت پاش جەنگی جیهانیی یەکەم ڕەشبینییەکانی خۆی بەرامبەر شارستانییەت ناشارێتەوە، وەختێک لەنێو شارستانییەت و لە گەشەسەندووترین قۆناغی مرۆڤایەتی‌دا، لە ئەورووپای بەناو عەقلانی و ڕۆشنگەردا، جەنگێکی وەها ڕوودەدات، هەرچی تەکنۆلۆژیا و داهێنانی مرۆڤە دەخرێتە خزمەت جەنگ و کوشتارەوە. مرۆڤایەتی لەم قۆناغەدا ئەوپەڕی دڕندایەتی دەنوێنێت، تاکەکان هەرچی شەڕانگێزییە بێ سڵەمینەوە بەسەر یەکتردا دەریدەپەڕێنن. بەڵام فرۆید هەرگیز ناچێتە پاڵ ئەم سکاڵاکارە دووڕووانە؛ بەبڕوای وی، تاکەکان هەرچەند گلەیی لە شارستانییەت دەکەن، کەچی هەرگیز خۆیان مرۆڤی شارستان و کۆمەڵخواز نین؛ بەڵکو هەمیشە لە ناوەوە دژی شارستانییەتن، خۆپەرستی بەسەریاندا زاڵە و هەردەم دەخوازن ئەوانیتر بخەنە خزمەتی بەرژەوەندییە مادی و سێکسییەکانی خۆیانەوە، بەری ڕەنجیان بخۆن و بیانکەن بە ئۆبێکتی مەیل و ئەنگێزە بەد و دڕندانەکانیان. هەرگیز نایانەوێت دەستبەرداری ئازادییەکانی خۆیان بن لەپێناو پێکەوە هەڵکردن و ژیانی کۆمەڵایەتییدا. فرۆید بڕوای تەواوی بە زەرووڕەتی سەرکوتەکانی شارستانییەت هەبوو؛ بەبڕوای وی، ژمارەی ئەو کەسانەی بە ناچاری و زۆرەملێ یاخود بەدکارانە شارستانییەت قبووڵدەکەن، زۆر زیاترە لە ژمارەی ئەوانەی بە فیعلی کەسانی شارستانین؛ دەیزانی مرۆڤەکان هەرزوو دەتوانن داهێنانەکانی خۆیان لەناوببەن، زۆرجاریش هەمان داهێنانەکانیان [داهێنانە تەکنۆلۆژی و سەربازییەکان: فڕۆکە و بۆمب و چەکی بایۆلۆژی و هتد.] بەکاردەهێنن بۆ وێرانکردنی دەسکەوت و داهێنانەکان. فرۆید درکی بەم ڕاستییە کردبوو، دەیزانی دۆخی شارستانییەت شلۆق و لەرزۆکە، هەر بۆیە پێی وابوو لەژێر هەڕەشە و مەترسی گەورەدایە. بە دەربڕینی فرۆید، شارستانییەت شتێکی سەپێنراوە بەسەر زۆرینەدا لەلایەن ئەو

کەمینەیەی دەزانێت چۆن ئامرازەکانی هێز و سەرکوت لەدەستی خۆیدا قۆرخ بکات. فرۆید نکۆڵی لە کەمتەرخەمییەکانی شارستانییەت نەدەکرد، بەڵام وەختێک فەیلەسووف و بیرمەندان سەرتاپای نەهامەتییەکانی مرۆڤیان دەگەڕاندەوە بۆ شارستانییەت، فرۆید تەواو ناکۆکبوو، چون هەموو ئامرازەکانی بەردەستمان بۆ خۆپاراستن لە ئازار و ژانە فرەسەرچاوەکان، هەر هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ شارستانییەت. دووڕوویی مرۆڤەکان لدووڕوویی مرۆڤەکان لێرەدا ناوەستێ، ڕاستە جاروبار دەخوازن بگەڕێنەوە بۆ حاڵەتی پێش شارستانییەت، گوایە بەختەوەریی لەنێو حاڵەتی سرووشتی و فیترەتدا دەدۆزنەوە؛ کەچی ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ هەمان حاڵەت و هەمان هەڕەشە و مەترسییە سرووشتییەکان بگەڕێنەوە، یەکراست دووبارە هەوڵ بۆ بەکۆمەڵبوون و بنیاتنانی شارستانییەت دەدەنەوە. بێگومان سەرکوتەکانی شارستانییەت سەرچاوەی عوساب(نیورۆسیس)ـە، بەڵام ژیانی سرووشتی و فیتری بەڕەهایی مایەی دەروونپەشێوییە.

بێگومان لەنێو شارستانییەتدا شەڕانگێزی بەتەواوی ناسڕێتەوە. کۆمەڵگەکان هەردەم دەرچەی خاڵیکردنەوەی شەڕانگێزییان بۆ ئەندامەکانیان ڕەخساندووە، بەو مەرجەی ڕووی شەڕانگێزییەکە بکرێتە دەرەوەی کۆمەڵ، بەرەو ئەندامانی نەتەوە و دەوڵەت و ئایینەکانی دی. بۆیە جەنگ هەردەم بەردەوامی هەبووە. بەڵام ئەرکی شارستانییەتە ئامانجی ئەم ئەنگێزانە بگۆڕێت یان نەرمتریان بکاتەوە.

فرۆید پێیوایە خواستی هەڵوەشاندنەوەی شارستانییەت بێنمەکی و کورتبینییە، چون ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ حاڵەتی فیترەت و سرووشت، ئەمەش بەرگە ناگیرێت؛ ڕاستە شارستانییەت ئازادییەکانمان سنووردار دەکات؛ هەروەها ڕاستە سرووشت داوامان لێ ناکات غەریزەکانمان سنووردار بکەین، بەڵکو زۆرجار پەتیان بۆ شل دەکات، بەڵام سرووشت بەهەمانشێوە دڵڕەق و خوێنسارده بەرامبەرمان، ئەویش ڕێگەی کارای هەیە بۆ سنوورداركردنمان، بەردەوامە لە

وێرانکردنمـان، زۆرجـار لەڕێـگەی خۆمـانەوە بە پاسـاوی تێرکردنـی ئارەزووەکانمـان. ئـازادیی تاکەکەسی بەرهەمی شارستانییەت نییە، بەڵکو لە سرووشت و فیترەتدا ئازادیی تاکەکەسیی ڕەها دەبینـرێتەوە، بەڵام تەنهـا لەنێـو شارسـتانییەتدا بەهـای خـۆی وەردەگرێـت، لەنێـو سرووشـتدا بەهایەکی ئەوتۆی نییە چون تاک ناتوانێت پارێزگاری لەم ئازادییە بکات.

ئـایین یەک لە سـەرچاوەکانی دڵنەوایـی و قەرەبـووی مـرۆڤە. ئایینەکـان بانگەشـەی ئەوە دەکەن وەڵامی نهێنی و پرسیارە گەورەکانیان لەبەردەستە، بەمەش دڵنیاییەک دەبەخشن؛ هاوکـات بەڵـێن بە مـرۆڤ دەدەن لە دواڕۆژدا قەرەبـووی نەهـامەتی و بێبەشـبوونەکانیان دەکـرێتەوە. فرۆیـد سەرچاوەکەی دەگەڕێنێتەوە بـۆ تاسـەی بـاوک و هەسـتکردنبە گوناهـ بەرامـبەر کوشـتنی بـاوک، بـاوەڕی بەوە نیـیە سـەرچاوەکەی هەسـتێکی بنەڕەتـی بێـت، ئەوەی ناودەبرێـت بە هەسـتی ئۆقیانووسی. ئایین بەهێز دەبێت ئەوکاتەی وروژمی نەهامییەکان بەرەو ڕوومان دێن، ئەو نەهامەتی و هەڕەشە سرووشتییانەی شارستانییەت نەیتوانیووە بەسەریاندا زاڵبێت. ئایین لەڕێی پەخشـکردنی وەهم و بەخشینی وەڵامی سەرووسرووشتییەوە ئەم کەلێنانە پڕدەکاتەوە. بەڵام هێشتاش ئەم وەهـم و سڕکردنە بەشی بەختەوەریی مـرۆڤ ناکـات، هەر خـودی ئـایین سـەرچاوەی چەنـدەها فـۆرمی دڵەڕاوکێ و ژانەسەرە؛ هاوکات خوڵقێنەری زۆرێک لە کێشمەکێش و ململانێ مرۆییەکـانە. هاوکـات ئایین بەردەوام سەرقاڵی بێئەرزشکردن و بێبەهاکردنی ژیانە.

مادام گەیشتن بە چێژ وەها مەحاڵە، باشـترە هەوڵـی دوورکەوتـنەوە لە ئـازار و ژان بـدەین؛ ئەمە ئامۆژگـاری زۆرێـک لە قوتابخـانە ڕۆحـی و فەلسـەفییەکانە. دەبینـین بـۆ ئەم ئامـانجە، زۆرێـک لە فەیلەسـووف و هونەرمەنـد و ڕۆحانییەکـان، خۆیـان لە کـۆمەڵ دادەبـڕن لەپێنـاو خـۆلادان لە ژان؛ بەردەوام گۆشەگیرییان وەک پەناگەیەک بینیوە بۆ هەڵهـاتن لەو ژانەی سـەرچاوەکەی تێکەڵبـوونە لەگەڵ مرۆڤەکـانی دی. دەقە ئەدەبییەکـان پـڕن لە ستایشـی تەنهـایی و مەترسـییەکانی تێکەڵـی،

ئەدەبی کوردییش بەدەر نییە لەم دیاردەیە، گەر وەها سەرپێی بڕوانین، دوو نموونە لە شیعرەکانی «مەحوی» وەردەگرین:

«بەجێ نایە، دەبێ ڕووکەینە سارا

حەقی ئادابی مەجنوونی لە شارا».

یاخود، «قەیکردنی سوراحی ئەگەر تێبگەی، دەڵێ

دڵ تێکەڵهاتنە لەگەڵ ئەم خەڵکە تێکەڵی».

بەڵام ئەمەش مانای دامرکانەوەی تەواوەتیی ئەنگێزەکان نییە، خۆدابڕین لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان نابێتە سەرچاوەی سڕینەوەی خواست و ئارەزووەکان؛ بەڵکو ئەم ململانێ دەروونییانە هەردەم درێژە بە خۆیان دەدەن، تەنانەت کەسانی ڕۆحانی و پەیڕەوکارانی زوهد و لەخۆگرتنەوەش ناتوانن تەواو ئەم گرژییانە لەکۆڵی خۆیان بکەنەوە، چونکە گوشارەکان لەوە بەهێزترن. ڕێکاری زوهد و یۆگا و حیکمەتی ڕۆژهەڵاتی مانای دەستبەرداربوونە لە کۆی چالاکییەکان، سەرکەوتنی ئەم ڕێکارەش بەمانایەک گەڕانەوەیە بۆ بەختەوەرییەکانی سەروەختی سکون و سروتن، یاخود حاڵەتی نائۆرگانی و نازیندوو.

**بڵندبوونەوە**(sublimation) ڕێکارێکی گونجاوترە، چون پێویست ناکات بەردەوام وزە بەگەڕ بخرێت بۆ سەرکوتی مەیل و ئەنگێزە غەریزییەکان و هاندەرەکانی سەر بە پاڵنەر. مرۆڤ دەتوانێت ئەنگێزەکانی بپارێزێت، بەڵام پاش گۆڕینی ئامانجە ڕاستەوخۆکانیان، واتە بڵندکردنەوەیان لە فۆرمی داهێنانی هونەری و ئەدەبی و هزرییدا؛ مرۆڤ دەخوازێت لەم ڕێکارەوە بڕی گونجاوی چێژ وەربگرێت، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی چارەنووسێکی کارەساتبار ببێتەوە.

یەکێکی تر لە ڕێکارەکانی دوورکەوتنەوە لە ژان، تریاک و مادە بێهۆشکەرەکانە. فرۆید سەرەتای کاروانی پیشەیی بە بایەخەوە لە ڕۆڵی ئەم ڕێکارە دەڕوانێت لە بەخشینی بەختەوەریی بە مرۆڤ. ئەنجامەکانی ئەم ڕێکارە: جەستە بە نیمچەیی هەستکردن بە ئازار لەدەست دەدات، دەروون بە نیمچەیی هەستکردن بە دڵەڕاوکێ لەدەست دەدات، تاڕادەیەک سەربەخۆبوون و دابڕان لە جیهانی دەرەکی. بەڵام زۆرێک لە تریاک و مادە بێهۆشکەرەکان لەگەڵ بەردەوامیی بەکارهێناندا تاڕادەیەک توانای سڕکردنی هەستەکان لەدەست دەدەن، بەڵکو لەوەش زیاتر، دەبنە سەرچاوەی ئازار و دڵەڕاوکێ لەڕێگەی خێراکردنەوەی جووڵەی سرووشتیی ئیگۆ بۆ خۆ لەناوبردن.

بەم چەشنە مرۆڤ دەتوانێت تەنها خۆزگە بەختەوەرییەکی کەم و لاواز بخوازێت، سەرەڕای بەفیڕۆدانی وزەیەکی دەروونیی بێپایان.

ژیان هەمیشە گەڕان بووە بەدوای بەختەوەرییدا؛ گەڕیدەکان دونیا دەگەڕان، چیرۆک و ئەفسانەکان پڕدەکران لە شوێن و باخ و دوورگەی سەرسوڕهێن لەسەر زەمین. باس لە دۆزینەوەی باغی ئەلدۆرادۆ و باغی عەدەن دەکرێت، گوایە لەوێدا هەموو ئارەزووەکان تێردەبن. ڕەنگە جووەکان تاکە گرووپ بن ئەم فریوەیان نەخواردبێت؛ ئەوان بڕوایان وایە فریشتەیەک بە شمشێری ئاگرینەوە پاسەوانی تاکە دەرگای باغی عەدەنە، بەمەش گەڕانەوە بۆ ئەم باغە و گەیشتن بە تێربوونی تەواوەتی و بەختەوەری مەحاڵە. مەسیحییەکان نەیانتوانی ئەم حیکمەتە بپارێزن، بیرۆکەی گەیشتنی ڕزگارکەر گەیاندنی بەو بڕوایەی ئەم شمشێرە لەناو چووە و دەرفەتی گەڕانەوە بۆ عەدەن مومکینە.

بەبڕوای فرۆید بەم ئەنجامە بەختەوەریی ڕێژەییە، ڕەنگە تاکە شتی بەدیهاتوو بریتی بێت لە مەسەلەی ئابووریی لیبیدۆیی تاکەکەسی. لێرەدا ڕەچەتەیەکی هاوبەش نییە بۆ گەیشتنی هەمووان بە بەختەوەریی، هەرکەس ناچارە ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە لەپێناو گەیشتن بەم ئامانجە؛ چونکە

هەموو شتێک پەیوەستە بە بڕی ئەو تێربوونەی تاک چاوەڕێی دەکات لە جیهانی دەرەکییەوە، لەگەڵ توانا و ئامادەگییە تاکەکەسییەکانی هەر یەکێکیان بۆ سەربەخۆبوون لە جیهان و گۆڕینی بەپێی ئارەزووەکانی. بەم پێیە فرۆید ناکۆکە لەگەڵ ئەو تاکڕەنگییەی دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێزان و قوتابخانە و زانکۆکان دەیسەپێنن، هەمان ئەو قاڵب و چوارچێوانەی هەوڵی توانەوەی تاک دەدەن لە چوارچێوە گشتییەکاندا، هەمان ئەو شتەی ڕێگرە لە خۆدۆزینەوە و دۆزینەوەی ڕێکارە تایبەتەکانی گەیشتن بە بەختەوەری.

**سەرچاوەکان:**

- شارستانییەت و ناکامییەکانی، زیگمۆند فرۆید، وەرگێڕانی وەلید عومەر و ڕوشدی جەعفەر، ناوەندی ڕەهەند، ٢٠٢١.

ــ ئیگۆ و ئید، زیگمۆند فرۆید، وەرگێڕانی شێروان ئیبراهیم، ناوەندی ڕەهەند، ٢٠٢١.

ــ مستقبل وهم، سيغموند فرويد، ترجمه جورج طرابيشى، دار الطليعه، بيروت ١٩٩٨.

ــ فكر فرويد، ادغار پيش، ترجمة جوزف عبدالله، الموسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع.

- An introductory dictionary of lacanian psychoanalysis, Dylan Evans, Routledge, 1996.

- اللامتناهي الفيزيائي و اللامتناهي الروحيو جان ماريجكو، ترجمة محمد عادل مطيمط، موقع الحكمة.